بایدزخانەی ڕووسیا لە ئیسرائیل کوژرانی کۆمەڵک هاوڵاتی ڕووسی ڕاگەیاند

بایدزخانەی ڕووسیا لە تەل ئەبیب ڕایگەیاند کە 16 هاوڵاتی ڕووسی کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئیسرائیلیین گیانیان لەدەستداوە و هەشت کەسی دیکەش ونبوون و بەلایەنی کەمەوە هاوڵاتییەکی ڕووسی لەلایەن حەماس بەدیل گیراوە.

بایدزخانەی ڕووسیا لە تەل ئەبیب لە بیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "بەداخەوە ڕایدەگەیەنین کە بەگوێرەی زانیارییەکانی دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل، ژمارەی کوژراوانی ئەو هاوڵاتییە ڕووسیانەی لە ئیسرائیل تا نیوەڕۆی 14ـی مانگی تشرینی یەکەم بە کاتی مەسکە گەیشتە 16 کەس".

بایدزخانەی ڕووسی ئاماژەی بەوەشکردووە، هاوڵاتییەکی ڕووسی لەنەو ئەو زیندانییە ئیسرائیلییانەدا بووە کە لەلایەن حەماسەوە دەستگیرکراون، هەروەها هەشت هاوڵاتی ڕووسی لە لیستی ئەو کەسانەدا کە لە ئیسرائیل ونبوون، لەوەتەی دەستپەکردنی جەنگی نەوان حەماس و ئیسرائیل لە هەفتەی ڕابردوو.